گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# گڵینەی چاخەکانی پێش مێژوو لە موزەخانەی بەشی شوێنەواری زانکۆی سەلاحەدین

## (توێژینەوەیەکی شیکارییە)

**پ.د.نعمان جمعه ابراهيم**
بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
noman.ibrahim@su.edu.krd

**زۆزان عبدالسلام عمر**
بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
zozan.omar@su.edu.krdail

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٥/٢٨
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/١٦
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
موزەخانە، گڵینە، گڵینەسازی، چاخی پێش مێژوو

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.3.19

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتەسەر ژمارەیەك سواڵەت و گڵینەی پارێزراو لە موزەخانەی بەشی شوێنەواری کۆلێژی ئاداب، سەردەمیان بۆ قۆناغە جیاوازەکانی چاخەکانی پێش مێژوو دەگەڕێتەوە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بە پۆلێن کردن و دەست نیشان کردنی چەند نموونەیەک لە پارچەی جۆراو جۆر لەو گڵینانەی کە لە موزەخانەکە نمایش کراون.
لە چوارچێوەی توێری توێژینەوەکەدا بەوردی شرۆڤە لەسەر مێژووی دەستپێکی کاری گڵینەسازی کۆن وپەرەسەندنی لە رووی تەکنیکەوە کراوە، تیشک خراوەتە سەر فۆرم و شێوە و شێوازەکانی بەکارهێنانیانی لەگەڵ گشت ئەو ئامراز و کەرەستانەی کە لە دروستکردنی گڵێنەدا مرۆڤی کۆن بەکاری هێناون .

لەتەوەرێکی ئەم توێژینەوەیەدا لێکۆڵینەوە وشیکاری لەسەر بابەتی گڵێنە کراوە لەسەر بنەمای پرەنسیپی پەیڕەوکراو لە توێژینەوەی ئەکادیمی و شوێنەوارناسی، لە رێگەی وێنە کێشانی پارچە گڵێنەکان. لەو رێگەیەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توانراوە جۆری گڵێنەکە بزاندرێت و زانیاری لەسەر دۆخی ژیانی مرۆڤ لە ماوەکانی پێش مێژوو بخرێتە روو.

## پێشەکی:

بەپێی بەڵگە شوێنەوارییە مێژووییەکان، کۆنترین داهێنانی مرۆڤ لە بواری هونەر دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٢٥،٠٠٠–٣٠،٠٠٠ ساڵ پێش زایین، کە هاوکاتەیە لەگەڵ چاخی بەردینی کۆن. لەو کاتەدا، مرۆڤە کۆنەکان دەستیان بە دروستکردنی پەیکەرەکان لە بەرد و قوڕ کردووە، لە شێوەی دیمەنی مرۆییەکان، ئاژەڵەکان، و وێنەکێشان لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان. بێگومان، ئەم جۆرە چالاکیانە پەیوەندیدارن بە نەریت و باوەڕە سروشتییەکان کە لە چوارچێوەی ژیان و کۆمەڵایەتیی مرۆڤی کۆن پەیوەست بوون. بەڵام لە بەرامبەر ئەم داهێنانەی هونەری کۆن، داهێنانی گڵێنە و بەکارهێنانی بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی نوێ، نزیکەی ٧٠٠٠ ساڵ پێش زایین، کە بەپێی زانیارییەکان لەسەر خاکی کوردستان روویداوە. ئەم گۆڕانکارییە نیشانەیە لە گەشەپێدانی ژیانە کشتوکاڵییەکان و پەیوەست بوونی مرۆڤ بە شوێن و ناوچەیەکی دیاریکراوتر.

بیگومان پیشەی گڵێنەسازی ئاڵۆزە هەروەك پیشەی و هونەرەکانی وێنەکێشان ودروستکردنی پەیکەری بەرد و قوڕ. لە ڕووی تەکنیک وشێوازی پێکهاتەی ئەو مادانەی کە لە دروستکردنی دا بەکارهاتوو.

گڵێنە بابەتێکی گرنگە لە زانستی شوێنەوار، توێژەران وپسپۆرانی بواری شوێنەوارناسی دەتوانن پشتی پێببەستن، وەک سەرچاوەیەکی ماددی گرنگ بۆ وەرگرتن ودەستە بەرکردنی زانیاری لەسەر ژیانی مرۆڤ، لە چاخەکانی پێش مێژوو وەک جێگرەوەی نوسین، لێکۆڵینەوە لە بابەتی گڵێنە تیشک دەخاتە سەرچالاکییەکانی مرۆڤی کۆن ولە ڕێگەیەوە دەتوانرێت مێژووی دەستپێکی گڵێنەسازی وقۆناغەکانی گەشە کردن وپەرە سەندنی شارستانییەت لەهەر ناوچەیەك بێت دیارییکرێت. پیشەی گڵکاری و گڵێنەسازی بۆ یەکەم جار لە لایەن دانیشتوانی گوندە کشتوکاڵیەکانی چاخی بەردینی نوێ نزیکەی٧٠٠٠ ساڵ پێش زایین داهێنراوە، بە مەبەستی دروستکردن ودابینکردنی پێداویستییەکانی لە کەل و پەل و ئامرازو ئەو ئامێرانەی کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەی دا بەکاری دەهێنا. ئەم توێژینەوەیە لە دەستپێکێك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وسێ باس پێکدێت، دەستپێك باس لە کورتەیەك لە مێژووی مۆزەخانە ومۆزەخانەی بەشی شوێنەوار دەکات. لە باسی یەکەم تیشك خراوەتە سەر مێژووی گڵێنەسازی و لە باسی دووەمدا قۆناغەکانی دروستکردی گڵێنەلەخۆدەگرێت.باسی سێیەم کەناوەڕۆکی بابەتەکەیەو بەشی زۆری توێژینەوەکەی بۆ تەرخانکراوە، شیکردنەوە بۆ گڵێنەکانی مۆزەخانەی بەشی شوێنەوار کراوە و وێنەوهێلکاری بۆ پارچەکان کراوە.

## گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی و پێویستی توێژینەوە بەرجەستە دەبێت لە خستنە ڕووی زانیاری نوێ، چونکە پارچە گڵێنە هەڵبژردراوەکانی مۆزەخانەی بەشی شوێنەوار، هیچ زانیاری لەسەریان تاکو ئێستا بڵاو نەکراوەتەوە وئاشکرا نەکراوە، ئەمەش سوودی دەبێت بۆ بواری شوێنەواری بە گشتی و قوتابیانی بەشی شوێنەوار وخوێندنی باڵا و هونەرە جوانەکان بە تایبەتی .

## ئامانجی توێژینەوەکە

1. هەوڵدان بۆ دیاریکردن و خستنەڕووی ئەو تەکنیکانەی کە لە دروستکردنی شێوەکانی گڵێنە لە بەشێکی زۆری پێگە شوێنەوارییەکانی چاخی بەردینی نوێ پەیڕەو کراون.
2.ناسینەوەی سەردەم وفەراهەمکردنی زانیاری لە سەر قۆناغەکانی پەرەسەندنی پیشەی گڵێنەسازی و مەبەست لە دروستکردنیان.
3. تومار کردنی زانیاری لەسەر ئەو پارچە گڵێنانەی کە لێکۆلینەوەکەیان لەسەر ئەنجام دەدرێت، و ئامادەکردنی وێنە وکێشانی هێلکاری، لە داهاتوودا دەبێتە کەتەلۆگێك بۆ مۆزەخانەی بەشی شوێنەوار.

## میتۆدی توێژینەوەکە

وەك توێژینەوەیەکی تیۆری پشتی بەستووە بە ڕێبازی وەسفی وشیکاری، لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی شوێنەوارناسی بۆ پارچەی گڵێنەکان وئامادەکردنی و کێشانی وێنەکان بە سیستەمی تەکنەلۆژیای سەردەم.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دەستپێک: کورتەیەك دەربارەی موزەخانە و موزەخانەی بەشی شوێنەوار

موزە یان موزەخانە(ئەنتیکەخانە، عەنتیکەخانە) وە هەروەها مۆزەخانە لە زمانی فارسی و کوردی بەکاردێت(شرفکندی، 1369، ص818)(موکریانی، 1999، ل36،862) لەوانەیە ووشەی(موزەخانە) بە(و) نەوەك(ۆ) بۆ زمانی کوردی گونجاوتر بێت، لە بەرئەوەی لە ڕووی زاراوەییەوە لە ووشەی(museum)ی لاتینی هاتووە، کە ئەویش لە بنچینەدا لە ووشەی(mouseion) یۆنانی وەرگیراوە(زهدی، 1988، ص15).

زاراوەی موزەخانە واتە شوێنێک کە بە گشتی بۆ لێکۆڵینەوە و نمایشکردنی بەڵگە و پاشماوەی بەرجەستە و نامەعنەوی مرۆڤ و دەوروبەرەکەی دامەزراوە. بە واتایەکی تر موزەخانە واتە شوێنی کۆکردنەوەی دیارییەکان و شتی بەنرخ و گرانبەها، شوێنەواری هونەری، پاشماوەی پارچەی دەگمەن، کە تامەزرۆی بینینی دەکرێ و جێگای سەرنجە، فۆڕم و ئەرکەکانی موزەخانەکان بە درێژایی سەدەکان گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووە، زۆرێك لە وولاتان لە ڕێگەی دەقی یاسایی یان ڕێکخراوە نیشتیمانییەکانەوە پێناسەی موزەخانەیان پەرەپێداوە، پێناسەی تایبەتمەند بۆ موزەخانە کە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی بەرفراوان ناسراوە، هێشتا هەمان ئەم پێناسەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٧ لە بڕیارنامەی ئەنجومەنی نێودەوڵەتی موزەخانەکاندا (ICOM) خراوەتەڕوو: موزەخانە دامەزراوەیەکی قازانج نەویستە، هەمیشە لە خزمەتی کۆمەڵگا و گەشە پێدانیدایە، بەردەوام بە ڕووی گشتیدا کراوەیە، شوێنەوار و کەلەپوری بەرجەستە و نامەعنەوی مرۆڤ و ژینگەکەی نمایش دەکات و دەیپارێزێت، بۆ مەبەستی پەروەردە وخوێندن و کات بەسەر بردن و لێکۆڵینەوە(دولە ومەرس، 1392، ص91).

کۆنترین شوێنێك کە کەلوپەلی تێدا نمایش کرابێت لە شاری ئور لەلایەن شوێنەوارناس لیونارد وولی دۆزرایەوە(Woolley, 2006, p235)کە لە هەندێك سەرچاوە بە کۆنترین موزەخانە دادەنرێت، کە ئەویش بریتیە لە موزەخانەی(ئینیگالدی) لە میزۆپۆتامیا، مێژووەکەی بۆ سەدەی شەشەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، لەلایەن(بێل شاڵتی نانا) ناسراو بە(ئینیگالدی) کچی نابۆنیدوس(556-539 پ.ز) کۆتا پاشای بابلی نوێ دامەزراوە(Quinn, 2020, p11)ئەم بۆچوونەش لەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەم شوێنەدا چەندین پارچە شوێنەواری زۆر کۆنتر لە سەردەمی خۆی بە شێوەیەکی ڕێك و پێك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نمایشکراون، هەروەها چەندین نووسراوی شێوەی لولەیی کە بە سێ زمان لەسەری نوسراوە، لە پاڵ پارچە شوێنەوارەکان وەك پێناسەی پارچەکان دانراون(Fankhanel, 2024, p1).



وێنەی(1) هۆڵی موزەخانەی بەشی شوێنەوار

ڕۆڵ و ئەرکی موزەخانەکانی تایبەت بە شوێنەوار بریتین لە:

یەکەم: ڕەنگە تایبەتترین ڕۆڵی موزەخانە ئەوەیە کە شوێنێك بێت بۆ هەڵگرتنی گشت ئەو پارچە شوێنەواریانەی کە لە ئەنجامی هەڵکۆڵین و ڕووپێوییەکانی شوێنەواری دەدۆزرێنەوە، پێویستە لە شوێنێك بپارێزرێت ونمایش بکرێت کە ئەویش موزەخانەیە.

دووەم: موزەخانە شوێنەوارییەکان ئەو شوێنەن بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە شوێنەوارەکان، پێویستە پارچە شوێنەوارەکانی ناو کۆگا و موزەخانەکان لە بەردەستی شوێنەوارناسان بێت، بۆ کاری تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوە.

سێیەم: ئەرکی موزەخانە شوێنەوارییەکان ئەوەیە وەك پەیوەندییەك لە نێوان خەڵکی گشتی و شوێنەوارە بەجێماوەکان، دەبێتە هۆکارێك بۆ ناساندنی شوێنەوارەکانی ڕابردوو، لە ڕێگەی نمایشکردن و کەناڵەکانی پەخشکردن. بە کورتی دەتوانرێت موزەخانە وەك سەرچاوەیەکی زانیاری شوێنەواری یان تەنانەت وەك یەکێك لە پایەکانی زانیاری شوێنەواری بناسرێت(مافت، 1371، ص9). ئامانجی موزەخانەکان بەگوێرەی پێناسەکانی (ئایکۆم) ئەنجومەنی نێودەوڵەتی موزەخانەکان، بریتیە لە کۆکردنەوە و پاراستن ولێکۆڵینەوە و پشکنین و هەروەها نمایشکردنی پاشماوە شوێنەوار و کەلەپوری وسروشتییەکان بە مەبەستی پەروەردە ولێکۆڵینەوە و بەهادان بە کۆکردنەوەوچێژوەرگرتن لێیان(الدباغ، 1979، ص10).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە(موزەخانەی بەشی شوێنەوار)ە لە بەرواری ٢٠١٨/٢/٧ لە ڕێورەسمێکی تایبەت بە شێوەی فەرمی کراوەتەوە. ئامانج لە دروستکردنی موزەخانەی بەشی شوێنەوار، سەرەتا وەك موزەخانەیەکی فێرکاری بۆ قوتابیانی بەشی ناوبراو، بۆ بە پڕاکتیك کردنی وانەکان، بەتایبەت وانەکانی گڵینەی کۆن و ئیسلامی، وە دواتر ئەم موزەخانەیە گەشەی سەندوو ژمارەی پارچە شوێنەوارییەکان لەو موزەخانەیە زیادی کرد، کە لەلایەن هاوڵاتیان لەسەر ئاستی جیاواز پێشکەشکراون. لە ئێستادا وەك موزەخانەیەکی فەرمی لەلایەن قوتابیانی کۆلێژ و قوتابخانەکان و هاوڵاتیان سەردانی دەکرێت. وێنەی(1).

شایانی باسە موزەخانەی بەشی شوێنەوار لە ڕووی جۆری پارچە شوێنەواریەکان پێکهاتووە لە کەلوپەلی گڵینەیی بە هەموو جۆرەکانی وەك(مەنجەڵ، دەفر، گۆزە، کوپ، سەری تەشی، قەننە، بۆڕی گڵینەیی، چرای گڵینەیی) وە کەلوپەلی بەردین، دراوی کانزایی و مۆر هتد....

## باسی یەکەم: مێژووی دەستپێکی داهێنانی گڵینە و قۆناغەکانی پەرەسەندنی:

**گڵینە(فخار):** الجرار وما شابهها تُسمّى فخارًا، لأنها إذا نُقرت تُحدث صوتًا رنانًا، فكأنها تُصوَّر كمَن يُكثر التفاخر. گڵینە(فخار) واتە: گۆزەو هاوشێوەکانی، ئەمەش لەبەر ئەوەی کاتێک شتێکی بەردەکەوێ زرینگە و دەنگێکی لێوە دێ، وەك کەسێك وێناکراوە کە زۆرشانازی بکات(الراغب الاصفهانی، بدون سنة، ص627). خوای گەورە لە قورئاندا نمونەی دروستکردنی مرۆڤی بە (فخار) هێناوە، کە دەفەرمویێت(**خَلَقَ الْإِنسَانَ مِن صَلْصَالٍ كَالْفَخَّارِ**) (القرآن الكريم، سورة الرحمن، الآية 14). واتە(خوا مرۆڤی لە قوڕێکی وشکی زرینگەداری وەك سواڵەت دروستکردوە)(باپیر، 2023، ص498) ووشەی(صلصال): طين يابس يسمع له صلصلة أي صوت اذا نقر واتە قوڕی وشك، زرینگە یان دەنگێکی لێوەدێ ئەگەر شتێکی بەرکەوێ(اسماعيل، 1994، ص175).

لە زاراوەی شوێنەواری ووشەی(فخار) واتە ئەوەی کە لە قوڕ دروستدەکرێت لە شێوەی دەفر وهاوشێوەکانی وە لە ئاگردا سور دەکرێتەوە، بە واتایەکی تر گڵینە(فخار) چەمکێکە گشت ئەو کەل وپەل وئامراز و قاپ وقاچاغانە دەگرێتەوە کە لە ماددەی قوڕ مرۆڤ دروستی کردوە لە چاخەکانی پێش مێژوو بۆ پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانە(عبدالکافی، 2004، ص1)(بصمەچی، 1948، ص15).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها زاراوەی گڵینە لە سەرچاوە مێخییەکاندا هاتووە، لە سومەری بە شێوازی(BAḪAR) ئاماژەی پێکراوە، لە زمانی ئەکەدی بە شێوەزاری(paḫāru) هاتووە(لابات، 2004، 141). بەڵام ووشەی(فخار) لە زمانی کوردی بە گڵینە، گڵێنە، گلێنە وسواڵەت ناو دەهێندرێت، ووشەی گلێنە بۆ ڕەشکێنەی چاویش بەکاردێت(موکریانی، 1999، ل817). لەوانەیە ووشەی گڵینە بە(ی) نەوەك(ێ) دروستتر بێت، چونکە برِگەی یەکەمی (گڵ) واتە خۆڵ یان قوڕ، لەگەڵ ئەو کەلوپەلانە بگونجێت کە لێوەی دروستدەکرێن.

مێژووی پیشەسازی گڵینە، بۆ بارودۆخی ژینگەیی ومرۆیی دەگەڕێتەوە، هاوکات بوو لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کۆتایی چاخی بەردینی ناوەڕاست وسەرەتای چاخی بەردینی نوێدا روویاندا، کاتێك کە چاخی سەهۆڵ بەندان لە هەزارەی دەیەمی پێش زایین کۆتای هات، و باران جێگای گرتەوە لە میسۆپۆتامیا وناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆن، ئەمانە هۆکارێك بوون بۆ گۆرین و گواستنەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤەکان بۆ شوێنێکی نوێ، کە پێداویستیەکانی ژیان تێیدا بەردەستبوون، بە تایبەت لە نزیك دۆڵ ودەشت و ڕووبار و کانیاوەکان. لە دەرەنـجامی ئەم جێگیربوونەی مرۆڤەکان، گۆڕانکاری لە قۆناغی کۆکردنەوەی خۆراك بۆ بەرهەمهێنان و ئاژەڵداری و کشتوکاڵ کردن و دەرکەوتنی پیشەسازییەکان ڕوویدا، دروستکردنی گڵینە لە پێشەنگی ئەو پیشەسازیانە دابوو کە مرۆڤەکان دوای نیشتەجێبوون دایانهێنا، بۆ ئەم مەبەستە سودیان لە ئەزمونەکانی پێشووی دروستکردنی ئامرازەکانی بەرد و ئێسك و چەرم و لقی دارەکان وەرگرتبوو، لە ماوەی چاخەکانی بەردینی کۆنی سەروو و ناوەڕاست(یاسین، 2008، ص3،4). هەروەها هەندێك لەو مرۆڤانەی کە بە پیشەی ڕاوکردن وکۆکردنەوەی خۆراك سەرقاڵ بوون وبەردەوام لە جوولە وگەڕاندا بوون، بۆ هەڵگرتن وگواستنەوەی خۆراك وشلەمەنیەکان، سوودیان لە پێستەی ئاژەڵەکان وتوێکڵی هێلکە وکولەکەی کێوی و گەڵای درەختەکان وەردەگرت(فاگان، 1390، ص460).

لەوانەیە سەرەتا مرۆڤەکان بیریان لەوە کردبێتەوە کە دەفرێک دروست بکەن بۆ هەڵگرتنی ئاو وشلەمەنیەکان، بۆ ئەم مەبەستەش لە هەنگاوی سەرەتایی بە بەکارهێنانی حەسیری خورما و لق وگەڵای درەختەکان دەستی پێکرد، بەڵام ئەم کەرەستانە مانەوەو توانای زۆریان نەبوو، دواتر بە نزیك کردنەوەی ئەو دەفرانە کە ناوەوەی بە قوڕ سواخدرابوون لە ئاگر، بووە هۆی سەرهەڵدانی بیرۆکەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەلوپەلی گڵینەیی(کیانی، 1380، ص4) گڵینە خزمەتێکی زۆری بە مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بەخشیوە، ئەمەش دوای زنجیرەیەک لە گۆڕانکاری گەورە و پێشکەوتنی بەرچاو هاتووەتە کایەوە، داهێنانی گڵینە و شارەزابوونی مرۆڤ بەم پیشەیە لە چوار چێوەی ئەو ئامادەکاریانە دێت کە پەیوەست بووە بە هەردوو پیشەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.(کسار، 1985، ص10). لە نشینگە کشتوکاڵیە سەرەتاییەکان مرۆڤ فێری دروستکردنی دەفری گڵینەیی بووە بۆ چێشت لێنان و ساردکردنی ئاو و هەروەها هەڵگرتنی دانەوێڵە و گواستنەوەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر یان بۆ بەکارهێنان لە بۆنە ئاینیەکان و دیاری ناشتندا، چونکە کەلوپەلی گڵینەیی کێشیان سوکترە و دروستکردنی ئاسانترە لە کەلوپەلی بەردین و پێویستیان بە ماوەیەکی کورترە بۆ دروستکردن و کونیلەدارن. لەمانەی سەرەوە دەردەکەوێت کە گڵینەسازی دەرەنجامی ڕێکەوت نەبووە، چونکە ئەم پرۆسەیە پێویستی بە بیرکردنەوەی پیشەسازی و ئامادەکاری هونەری زۆر هەیە، ئەگەر سەرنجی جۆرەکانی گڵینە بدەین دەبینین گەشەسەندنێك لە پیشەسازیەکەیدا دیارە کە لە گڵینەی ئەستور و بێ ڕەنگ و نەڕازێندراوە بۆ پیشەسازی گڵینەی ناسك و توکمە و ڕەنگا وڕەنگ و ڕازێندراوە(الدباغ، 1964، ص88)


وێنەی(2) گڵینەی چاخی چەرمۆ/ موزەخانەی هەولێر(توێژەر)

لە هەزارەی شەشەمی پێش زایین لە ناوچە کشتوکاڵیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک لە چاتاڵ هویوك، چەرمۆ وئەریحا کەلوپەلی گڵینەیی دۆزرانەوە، بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دوور وەك لە ژاپۆن، لەلایەن ڕاوچیەکان و کۆکەرەوانی خۆراك لە هەزارەی هەشتەمی پیش زایین کەلوپەلی گڵینەییان بە کارهێناوە(فاگان، 1390، ص460). بڕوا وابوو داهێنانی گڵینە بۆ یەکەم جار لەلایەن دانیشتوانی گوندی چەرمۆ(لەسنوری چەمچەماڵ و ٣٥کم ڕۆژهەڵاتی کەرکوک دوردەبێت) کە بەیەکێک لە کۆنترین گوندە کشتوکاڵییەکانی ناوچەکانی کوردستانی باشور میزۆپۆتامیا دادەنرێت بووە، (بریدوود، 1950، ص199) بە گوێرەی ئەنجامی هەڵکۆڵینەکانی تیمی شوێنەواری ئەمریکایی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە سەرپەرشتی شوێنەوارناس (روبرت بریدوود)، لە پێنج چینی سەرەوەی چەرمۆ، کۆمەڵێک قاپ و کوپ و گۆزەی گڵێنەیی بە پیشەی دەستی سادە و بێ نەخش وڕازاندنەوە تێیدا دۆزراوەتەوە(Braid Wood, R, and Howe, B, 1960, p45). بەڵام دۆزینەوە شوێنەوارییە نوێیەکان لە کوردستان سەلماندوویانە سەرەتای گوندی کشتوکاڵی لە کوردستان دوو هەزار ساڵیك کۆنترە لە گوندی چەرمۆ کە لەوەو پێش بە 7000 ساڵ پێش زایین دادەندرا، بەڵام ئێستا بەڵگەی 9500 ساڵ پێش زایین لە گوندی بێستان سووری دەشتی شارەزوور دۆزراوەتەوە، وئەمەش کۆنی ناچەکە ودەسپێکی شۆڕشی کشتوکاڵی لە ناوچەکە کۆنتر دەکات.(مارف، 2019، ل43) بە هەمان شێوە لە گردی (گنج درە) گردێکی شوێنەوارییە دەکەوێتە نزیك هەرسین لە ڕۆژئاوای پارێزگای کرمانشاە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لەلایەن زانکۆی ئونتاریوی کەنەدایی بە سەرپەرشتی فلیپ سمیث لە ساڵی 1964 هەڵکۆڵینی تێداکراوە.کۆمەڵێك کەلوپەلی گڵێنەیی دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەیان بۆ هەزارەی هەشتەمی پێش زایین دەگەرێتەوە، کە بە شێوەیەکی سەرەتایی لە قوڕێکی دڕ و تێکەڵ بە کا و پوشیووردکراو دروستکرابوون، هەروەها بە دەست دروستکرابوون و بە ڕێژەیەکی کەم سوورکراونەتەوە(کیانی، 1380، ص4).

لە ئەنجامی هەلکۆلینەکانی چەرمۆ کۆمەلێك کەلوپەلی گڵێنەیی دۆزرانەوە، کە بە شێوەیەکی باش دروستنەکرابوون، دیوارەکانیان ئەستور بوون وخۆگر نەبوون وپیسی زۆر لە قورەکەیدا هەبوو، هەروەها خاوێن نەبوون ولوسنەکرابوون، وێنەی(2). وە لە چینەکانی سەرەوە هەندێك لە پارچە گڵێنەکان دۆزرانەوە کە بە قیر داپۆشرابوون، بە شێوەیەکی گشتی پیشەسازی گڵێنەی چەرمۆ بە دەست دروستکرابوون وماددەی ڕووەکی بۆ زیادکرابوو، جگە لە سواخدانی بە ماددەی کلس بۆ پێدانی ڕەنگی پرتەقاڵی و زەرد و خۆڵەمێشی و ڕەش. شێوەی گڵێنەکانی چەرمۆ زۆر سادەبوون، پێکهاتبوون لە دەفری بنکە ڕاست و دەفری شێوە بازنەیی قوڵ و هەروەها دەفری دەسکدار(رشید، 2003، ص8).

کەرەستەی سەرەکی دروستکردنی گڵێنەکان بریتیە لە ماددەی گڵ، کە نە تەنها بۆ گڵێنە، بەڵکو بە یەکێك لە کەرەستە سەرەکییەکانی زۆرێك لە کارە دەستیەکان دادەنرێت، کە لە سەرەتایەکی زوو لە مێزۆپۆتامیا ناسراوە، لە ناوەڕاستی چاخی بەردینی نوێ شانبەشانی بەرد بەکارهێندراوە، هەندێکجار جێگای گرتۆتەوە، گڵ وەك کەرەستەیەکی خاو بۆ دروستکردنی خشت و هەروەها لە پیشەسازی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دروستکردنی گڵێنە بەکارهاتووە. گڵ لە ڕوانگەی جیۆلۆجیەوە ماددەیەکی سروشتی زەوییە کە قەبارەی دەنکۆڵەی زۆر ووردی هەیە، شیکاری کیمیایی مادده گڵێنەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ماددەی گڵ بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئەلەمنیۆم و سلیکا پێکدێن، هەروەها برێك لە کالیسیوم و مەگنسیوم و سودیوم و پوتاسیومی تێدایە(بنات، 1980، ص5).

ماددەی گڵ لە چەندین جۆری بەرد دروست دەبێت، لەوانە بەردی گرانێت، فێلدسفۆر، میکا و کوارتز، تایبەتمەندی ئەو ماددەیە کاتێك لەگەڵ ئاو تێکەڵ دەکرێت، سیفەتی لاستیکی و چیڕی دروست دەکات، وە کاتێك قوڕەکە ووشك یان سوردەکرێتەوە بۆ ماددەیەکی ڕەق دەگۆڕێت(ابراهیم، عثمان، 2022، ل37)،بۆ ئەوەی قوڕێك ئامادە بکرێت بۆ دروستکردنی کەلوپەلی گڵێنەیی پێویستە لە سەرەتادا گڵەکە بخرێتە ناو حەوزێکی ئاو تا چەند ڕۆژێك بۆ ئەوەی کرداری ترشاندن ڕوودات، دواتر قوڕەکە سیفەتی لاستیکی وەردەگرێت و بۆ چەند تۆپەڵەیەك دابەش دەکرێت(هەمان سەرچاوە، ل40)، جگە لە ماددەی قوڕ لەلایەن گڵێنەسازەکان چەندین کەرەستە و ماددەی تر لەگەڵ قوڕەکە تێکەڵ دەکەن وەك لمی خاوێن کە بریتیە لە کوارتزی سلیکا، وە کلسی خاوێن کە بریتیە لە کاربۆنی کالسیوم، هەروەها هاڕاوەی پارچە گڵێنەی شکاو، وە جۆرە بەردێکی ڕەنگ سپی و زەردی درەوشاوە کە پێی دەڵێن میکا، وە ئەو گڵەی لە چینی سەر زەویدا هەیە، وە هەروەها بەردی هاڕاو و ماددەی تری ئەندامی کە پێکدێن لە گژوگیای ووشك دوای هاڕین دەکرێتە ناو قوڕی ئامادەکراو بۆ دروستکردنی کەلوپەلی گڵێنەیی(Othman, 2018, pp.112,114).





وێنەی (3) دروستکردنی گڵێنە بە فشارکردن
https://www.gathered.how/arts-crafts/pinch-pottery
Rye, O. S, Pottery Technology, p.66, Fig54.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێکردنی ئەو ماددانە بۆ ئەوەیە کە نەرمی قوڕەکە کەمتر بێتەوە و ئاسانتر شێوەی خوازراوی لێ دروستبکرێت، وە هەروەها بۆ ئەوەی لە دواتر گڵێنە دروستکراوەکە درزی تێدا روونەدات لە کاتی ووشك و سورکردنەوە(یاسین، 2008، ص81).

## باسی دووەم: تەکنیك و قۆناغەکانی دروستکردنی گڵێنە:

**یەکەم: ڕێگاکانی دروستکردنی گڵێنە**، لە سەرەتا لە زۆربەی ماوەکانی چاخەکانی پێش مێژوو گڵێنە بە دەست دروستدەکرا، تا ئەو کاتەی چەرخی گڵێنەسازی داهێنرا، هەرچەندە بۆچوون وایە لە چاخی عوبەید بە کارهێنانی چەرخ داهێنراوە(الدباغ، 1985، ص10و11)، هەنگاوی یەکەم لە دروستکردنی گڵێنە بریتیبووە لە پەستانکردن لەسەر قوڕەکە بە پەنجەکانی دەست، لەوانەیە ئەم ڕێگایە کۆنترینیان بێت، لەم هەنگاوەدا بە پەنجەی گەورە وپەنجەکانی تر فشار دەخرێتە سەر تۆپەڵە قوڕەکە بە شێوەیەك دیوارەکانی بەرز وتەنك دەبنەوە وکەلوپەلی گڵێنەیی دیوار تەنکی لێدروست دەکرێت( Rye, 1981, p66) وێنەی(3).

لوولپێچی ڕێگایەکیترە بۆ دروستکردنی کەلوپەلی گڵێنەیی، میزۆپۆتامیا بەکارهاتووە، کە ئەویش قوڕە ئامادەکراوەکە شێوەی لوولەیی لێدروست دەکرێت، دواتر ئەو لوولانە بە شێوەی بازنەیی لەسەر یەکتر دادەنرێت وبە دەست بەیەکەوە دەلکێنرێت وشێوەی خوازراوی لێدروست دەکرێت، ئەستوری لوولەکان بە گوێرەی جۆری گڵێنەکە دەگۆڕێت، بۆ دەفرە دیوار تەنکەکان تیرەکەی لە نێوان 5بۆ 10ملم دەبێت، وە بۆ گڵێنە دیوار ئەستورەکان نزیکەی 2بۆ 3سم دەبێت(هەمان سەرچاوە، 64) وێنەی(4).

ڕێگایەکی تری دروستکردنی گڵێنە لە چاخەکانی پێش مێژوو بریتیبووە لە دروستکردنی گڵێنە خوازراوەکە بە شێوەی چەند بەشێك، بە جۆرێك هەر یەك لە بنکە و لاشە و مل بە جیا دروستدەکران دواتر بە شێوەی تەڕکردنی دەست بە ئاو بەیەکەوە دەلکێندرا(الدباغ، 1985، ص10،11) وێنەی



وێنەی (4) دروستکردنی گڵێنە بە ڕێگای لوولپێچی
https://england.prm.ox.ac.uk/englishness-Pottery-techniques.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(5) سەبارەت بە دروستکردنی گڵێنەی قەبارە گەورە بە تایبەتی گۆزەی گەورە و تەنور، بە شێوەی پانکردنەوە دروستدەکران، لە دروستکردنی ئەم جۆرە گڵێنانە تۆپەڵە قوڕەکە بە دەست پاندەکرایەوە و باریک دەکرا پاشان لەسەر یەکتری دادەنران(ابراهیم، عثمان، 2022، ل47). وێنەی (6)

بەڵام دوای داهێنانی چەرخی گڵێنەسازی لە چاخی عوبەید لە نیوەی دووەمی هەزارەی چوارەمی پێش زایین، وە لە چاخی وەرکا کاریگەری بەکارهێنانی چەرخی خێرا زۆر بە ڕوونی لەسەر شێوەی گڵێنەکانی ئەو سەردەمە بە دیارکەوتن، بە تایبەت لەسەر هەرسێ جۆرەکەی گڵێنەی ڕەنگ سور و خۆڵەمێشی و گڵێنەی ڕەنگ نەکراو(ابو الصوف، 1965، ص22). چەرخی گڵێنەسازی بریتیبوو لە پارچەیەک تەختەی شێوە بازنەیی لەسەر ناوەندێك جێگیر دەکرا کە بتوانرێت بە هەموو لایەك بخولێتەوە، لێرەدا گڵێنەساز پێویستی بە یارمەتی دەرێك هەیە بۆ ئەوەی چەرخەکەی بۆ بخولێنێتەوە، بۆ ئەوەی دەستەکانی ئازاد بێت بۆ کارکردن لەسەر گڵێنەکە، ئەم قۆناغە بە چەرخی خاو ناسراوە کە لە نیوەی دووەمی چاخی عوبەید، بە کارهێنراوە(هەمان سەرچاوە، ص120).

لە دوای پێشکەوتنی چەرخی گڵێنەسازی خاو، کە گڵێنەساز دەیتوانی بە قاچەکانی و بە خێرایی زیاتر بیخولێنێتەوە، بەمەش بە ئاسانی جوولەی بەدەستەکانی بکات وناسراوە بە چەرخی گڵێنەسازی خێرا(احمد، 2000، 178)چەرخی گڵێنەسازی خێرا، وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە مێژووی میزۆپۆتامیا، چونکە گڵێنەساز دەیتوانی ڕێژەیەکی زۆر لە هەمە جۆر کردنی گڵێنە بەرهەم بێنێت(ابراهیم، عثمان، 2022، ل47).



وێنەی(5)،(6) دروسکردنی گڵێنە بە ڕێگای بەش بەش وپانکردنەوە
Rye, O. S, Pottery Technology, p.71,72, Fig54,56

لێرەدا بۆ دروست کردنی کەلوپەلی گڵێنەیی پێویستە گڵێنەساز تۆپەڵە قوڕەکە لە ناوەڕاستی ئامێرەکە دابنێت، بۆ ئەوەی ئەستوری دیوارەکان یەکسان بێت، وە هەروەها پێویستە دەستەکانی تەڕ بکات بۆ ئەوەی بە ئاسانی شێوەی گڵێنەی خوازراوی بە گوێرەی پێویست لێدروست بکات، لە هەمان کاتدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەتوانێت کردارەکانی ڕاستکردن وبڕین ئەنجام بدات و لە کۆتاییدا بە بەکارهێنانی پەتێك لە ئامێری چەرخەکەی جیا بکاتەوە (Rye, 1981, p74). هەروەها هەموو کەلوپەلێکی گڵێنەیی دوای دروستکردنی پێویستە چەند گۆڕانکارییەك بۆ ڕووی دەرەوە وە هەندێ جار بۆ ڕووی ناوەوە بکرێت، وەك لابردنی دڕی و بەرزی ونزمی و هۆکاری تر، زۆر جار ئەمە یارمەتی کەم کردنەوەی لێچوونی ئاو دەدات، ڕێکارەکانی وەك سلیپکردن کە بریتیە لە چینێکی زۆر تەنکی قوڕ، وەك ڕەنگ لەسەر هەموو گڵینەیەك دەکرێت بە کاربێت، هەندێ جار قوڕی سواخدان لە هەمان ڕەنگی گڵێنەکە بە کاردێتەوە، زۆربەی کات ئەم کارە لە بەشی دەرەوەی گڵێنەکە دەکرێت، ئەم کردارە پێش سورکردنەوە ئەنجام دەدرێت، وە هەروەها سافکردن و ڕووپۆش کردن بە شوشە بە هەمان شێوە ڕێگا دەگرن کەوا شلەمەنیەکان لە دیواری گۆزەکانەوە بچنە دەرەوە(ابراهیم، عثمان، 2022، ل52،57).

**دووەم: ڕەنگکردنی گڵێنەکان:** دوای دروستکردنی شێوەی خوازراو لە گڵێنە، پرۆسەی ڕەنگکردن دەست پێدەکات بە مەبەستی ڕازاندنەوە، و لە ڕێگەی بە کارهێنانی بۆییەی ڕەنگ کە بە شێوەیەکی گشتی لە دوو ماددە ڕەنگەکان وەرگیراون، ئەویش ماددە ئەندامیەکان وەك شیرەی ڕووەکەکان و کاربۆنی خاوین، ئەو ڕەنگەی لە شیرەی ڕووەك بەرهەم دێت بە گشتی ڕەنگی ڕەشە، ئەگەر پلەی گەرمی کورەکە نزم بێت، وە بۆ ماوەیەکی کەم تێیدا بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر پلەی گەرمی کورەکە بەرز بێت وکاتی مانەوەی زۆر بوو ، ئەوا کاربۆنەکە دەسوتێت و ڕەنگی خۆڵەمێشی و سپی دروست دەکات.

ڕەنگە کانزاییەکانیش پێکدێن لە ئۆکسیدەکانی ئاسن وئۆکسیدەکانی مەنگەنیز، کە بە شێوەیەکی باو گڵێنەی کۆن ئەم ڕەنگانە لەخۆدەگرێت:

یەکەم: ڕەنگی ڕەش، وە ڕەشی مەیلەو قاوەیی لە ئۆکسیدی ئاسن وئۆکسیدی مەنگەنیز و شیرەی ڕووەکەکان وکاربۆنی خاوێن بەرهەم دێت.

**دووەم: ڕەنگی قاوەیی تۆخ لە ماددەی خاوی مەنگەنیز بەرهەم دێت.**

**سێیەم:** ڕەنگەکانی سوور، پرتەقاڵی، زەرد، دارچینی وئەرخەوانی لە ئۆکسیدی ئاسن بەرهەم دێت.

**چوارەم:** ڕەنگی سپی لە ماددەی کارۆلین وکاربۆناتی کالسیۆم بەرهەم دێت(الدباغ واخرون،1983،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ص162،163).

دواتر دەتواندرێت گڵێنەکان بە چەندین جۆر نەخش برازێندرێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی نەخشە بەکارهێنراوەکانی سەر گڵێنەی کۆن بریتیبوون لە نەخشی شێوەیی(دیمەنی) یان نەخشی ڕەنگدار(ڕەنگاوڕەنگ) یانیش نەخشی شێوەیی وڕەنگدار بەیەکەوە بەکارهێنراون. کە ئەمانە پێش کرداری سوورکردنەوە ئەنجام دەدرێن. سەرجەم ئەم نەخشانە لەسەر گڵێنەکان لە ڕێگەی چەند کردارێك ئەنجام دەدرێن کە بریتین لە:

**یەکەم:** کرداری برین بریتیە لە کرداری برینی گڵێنەکە بە ئامێرێکی تیژ، پێش ئەوەی قوڕەکە ووشك بێتەوە، بە مەبەستی جوانکاری، چەند شێوە هێڵێك وشێوە ئەندازەییەکانی لێدروست دەکرێت( Rye, 1981, p90).

**دووەم:** کرداری چاپکردن بریتیە لە چاپکردنی شێوە یان هێما لەسەر گڵێنەکان لە ڕێگەی مۆری ڕووتەخت و مۆری لولەیی، بە مەبەستی خاوەنداریەتی ئەو کەلوپەلانەی کە بازرگانی پێوە کراوە، زۆر جاران مۆرەکە لە ژێر مل وناوەوەی لەسەر بنکە وە لەسەر لاشە ودەسکی گڵێنەکان دەدران(ابراهیم، عثمان، 2022، ل73).

**سێیەم:** کرداری چاڵکردن بریتیە لە کرداری چاڵکردنی گڵێنەکە بە ئامێرێکی تیژ، وەك دار، گوێچکە ماسی یان نینۆک، پێش ئەوەی قوڕەکە ووشك بێتەوە، بە مەبەستی جوانکاری، شێوە ئەندازەییەکان وچاڵی شێوە بازنەیی لێدروست دەبێت(Rye, 1981, p92).

**چوارەم:** کرداری زیادکردن بریتیە لە کرداری لکاندنی پارچە قوڕێکی شێوە لوول کراو لە گڵێنەکە، کە بە هۆی پەستان خستنە سەری لەسەر گڵێنەکە دەدرێت، چەندین جۆر نەخشی لێدروست دەکرێت وەك مار و هێلی ئەستور .(Ibid, p.93).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## جۆری نەخشە جوانکارییەکانیش بریتین لە:

**یەکەم:** نەخشی شێوەیی چەند شێوەیەك لەخۆدەگرێت لەوانە نەخشە ئەندازەییەکان وەك: خاڵ، هێلی ڕاست، هێلی لار، هێلی شەپۆڵدار، وە شێوەی بازەیی وسێگۆشە ولەبزینەیی.

**دووەم:** نەخشە ڕەنگدارەکان، بۆ ڕازاندنەوەو جوانکاری گڵینەکان بە ڕەنگێك یان دووان یان چەند ڕەنگێك بەیەکەوە بەکارهێنراون. کە خۆی دەبینێتەوە لە شێوە ئەندازەییەکان، دیمەنی سروشتی لە ڕووەکەکان وئاژەڵەکان و باڵندەکان و وێنەی مرۆڤ، کە بە شێوەی زیندوویی یان هێمادار جێبەجێ کراون.

**جۆری سێیەم** لە نەخشی گڵینەیی پێکدێت لە تێکەڵاوی و گونجاندن لە نێوان نەخشی شێوەیی ونەخشی ڕەنگدار لە سەر یەك گڵینە، ئەمەش هەردوو نەخشی ئەندازەیی و سروشتی دەگرێتەوە(الدباغ واخرون،1983، ص166).

**چوارەم:** جۆرە داپۆشینێك هەیە جوانکاری بە گڵینەکە دەدات پێیدەگوترێت ڕوپۆشکردن بە شووشە(تزجیج)، بریتیە لە پێکهاتەیەکی شووشەیی ڕۆشن وتروسکەدار، لەگەڵ ڕووی گڵینەکە ئاوێتە دەبێت و بۆیاخێکی کانزایی ڕەنگدار دروست دەکات، بە واتایەکی تر ڕوپۆشکردن بە شووشە بریتیە لە کرداری زیاد کردنی چینێکی تەنك لە کەرەستە خاوەکانی شووشە بۆ سەر ڕووی گڵینەکە و سوورکردنەوەی(القیسی، 2021، ص109).

دوایین قۆناغی کرداری گڵینەسازی بریتیە لە کرداری سوورکردنەوە لە کورەی تایبەت بە دروستکردنی گڵینە، لەوانەیە پێش داهێنانی بیرۆکەی دروستکردنی کورەی تایبەت بە سورکردنەوەی گڵینە، مرۆڤەکان گڵینەکانیان لە بەر تیشکی خۆر وئاگر سوورکردبێتەوە(عثمان، 2021، ل57) ، زۆربەی گڵینە سەرەتاییەکان لە کورەی سەرەتایی سەر کراوە لە شێوەی چاڵێك لەسەر زەوی سوورکراونەتەوە، بە شێوەیەك گڵینەساز کەلوپەلە گڵینەییەکانی بەو جۆرە دار وسوتەمەنیانە داپۆشیوە کە زوو گڕدەگرن

بۆ ئەوەی بە شێوەی یەکسان لە ماوەیەکی کورت هەموو سووربېنەوە(فاگان، 1390هـ.ش، ص467).
بەڵام کۆنترین کورە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی چەرمۆ، بە تایبەت لە چینی دووەم کە جۆرێك لەکورە دۆزرایەوە لە شێوەی نیمچە هێلکەیی ودیوارەکانی لە خشتی قوڕ لە پاڵ دیواری یەکێك لە ژوورەکان، و بەشی سەرەوەی لە شێوەی گومبەد بوو، دەرگایەکی شێوە بازنەیی یان نیمچە چوارگۆشەی هەیە بۆ تێکردنی سوتەمەنی، وە هەروەها کونێکی لە بەشی سەرەوە هەیە بۆ چوونەدەرەوەی دووکەڵی ناو کورەکە(عطیة، 2017، ص169).
بە شێوەیەکی گشتی گڵێنەکان لە کۆندا لە دوو جۆر کورە سوورکراونەتەوە، کورەی کراوە کە ڕێگە دەدات ئۆکسجین بە ئازادی تێیدا جووڵە بکات، بەمەش ئۆکسجینەکە کاریگەری دەکاتە سەر پێکهاتەی ئاسن وکاربۆنەکە ورەنگی دەگۆڕێت بە گوێرەی جیاوازی پلەی گەرمیەکەی(الدباغ واخرون،1983، ص164). بەم شێوەیە ڕەنگی قوڕەکە دەگۆڕێت بۆ ڕەنگی سوور وزەرد(Rye, 1981, p98).
جۆرێکی تر لە کورە بریتیە لە کورەی داخراو کە ڕێگە بە ئۆکسجین نادات بگاتە گڵێنەکە، بەم شێوەیە مادده کاربۆنیەکان ناتوانن بچنە دەرەوە بەڵکو لەسەر کونیلەی گڵێنەکان دەنیشن و ڕەنگی ڕەش و خۆڵەمێشی لەسەر گڵێنەکان دەردەکەون(الدباغ واخرون،1983، ص165).

## باسی سێیەم: شیکاری نمونە هەڵبژێدراوەکانی گڵێنەی موزەخانەی بەشی شوێنەوار

### یەکەم: گڵێنەی سەردەمی حەلەف(4500-4900 پ.ز)

حەلەف ناوی ئەو گردەیە، کە بۆ یەکەمجار جۆرێك لە گڵێنەی پێشکەوتوو لە ڕووی تەکنیك وهونەریەوەی لێدۆزراوەتەوە، بۆیە ناسراوە بە گڵێنەی حەلەف( Mellaart, 1957, p119)کە پێکهاتووە لە گردێکی فراوان، دەکەوێتە سەر ڕووباری خابور نزیك گوندی(رأس العين) لە سەر سنوری سوریا- تورکیا (رو، 1986، ص92) حەلەف ناوێکی نوێیە بۆ ئەو شوێنەی لە کۆندا بە (گوزانا) ناسراوە لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین، بۆ یەکەمجار لە لایەن تیمی ئەڵمانی لە ساڵانی (1911،1913،1929)بە سەرپەرشتی ماکس فون ئوبنهایم هەڵکۆڵینی تێدا کراوە(خولیدیس ومارتین، 2006، ص11،12).

هاوشێوەی گڵێنەکانی شارستانیەتی حەلەف لە چەندین شوێنی عێراق دۆزراوەتەوە، گرنگترین شوێن بۆ دۆزینەوەی گلینەکانی سەردەمی حەلەف، گردی ئەرپاچیەیە وتەپە گەورەیە لە نزیك موصل(Mellaart, 1957, p119 )وە هەروەها درێژبۆتەوە بۆ هەندێك شوێنی دەوروبەر وەك سوریا و دەریاچەی وان لە ئەنادۆل(ابراهیم، 2018، ص438) بە هەمان شێوە لە زۆرێك لە ناوچەکانی هەرێمی کورستان لە ئەنجامی هەڵکۆلینە شوێنەوارییەکان گڵێنەی سەردەمی حەلەف دۆزراوەتەوە، لەوانە لە گردی قالینج ئاغا لە هەولێر(حجارة، 1973، ص27) لە بانە هێلك لە ناوچەی رواندز(Linda, 1983, p16) لە گردی ئیبراهیم بایز لە شارۆچکەی مەخمور(Mahmud and Mallowan, 1949, p147).

سەردەمی حەلەف بە پێشکەوتنێکی بەرچاو لە دروستکردن وتەکنیکی گڵێنەسازی دادەندرێت، بە نەخشاندن ورەنگە گەشاوە وپێکهاتە وشێوە هەمەچەشنەکانی جیا دەکرێتەوە، هەروەها بە شێوازی ڕازاندنەوەی گڵێنەکان وداپۆشینی ڕووی دەرەوەیان بە دیمەن ورەهەندی ئایینی، بە جۆرێك گڵێنەکان ووردە ووردە بەها وگرنگی هونەری خۆی پەیدا کرد لە ڕێگەی نەخش وڕازاندنەوەکانیدا، داهێنانی هونەری ونەخشەکان گەیشتنە ئاستێکی ناوازە کە لە شێوەی هێماکاندا بەرجەستە بوون، کە وەك ئامرازێك بۆ تومارکردنی بیرۆکەکان بەکاردەهێنرا، بۆیە گڵێنەکانی سەردەمی حەلەف بوون بە مانا و واتایەکی ڕەمزی زۆر دەبەخشن(ابراهیم، 2018، ص438).

گڵینەی سەردەمی سەرەتایی حەلەف بە شێوەیەك تێکەڵاوی لەگەڵ سەردەمی کۆتایی سامەڕا هەیە، لە ڕووی چارەسەرکردنی قوڕەکە، وهاوشێوەیی لە کەلوپەلە گڵێنەییەکان، وشێوە وجۆری نەخشەکان. وە لە تایبەتمەندیە دیارەکانی گڵینەی حەلەف بەکارهێنانی توێژەڵە(**slip**) لەسەر گڵینەکە، و پۆلیشکردنی ڕووی گڵینەکان، وبەکارهێنانی ڕەنگە بریقەدارەکان(یاسین، 2008، ص92). کە لە سەرەتادا گڵینەکانیان بە ڕەنگی ڕەش ودواتر بە ڕەنگەکانی سور، پرتەقالی، زەرد، قاوەیی ورەش ڕەنگدەکرد(Bahattin, 2019, p26) وە هەروەها ئامادەکردنی قوڕێکی باش وخاوێن ودروستکردنی گڵینەکان بەشێوەیەکی ناسك وتەنك و ڕێکوپێك، لەگەڵ ئەوەی کە بە دەست دروسترکراون، پێش ئەوەی چەرخی دروستکردنی گڵینە دابهێنرێت، گڵینەکانی ئەو سەردەمە، بە جوانترین گڵینەی ڕەنگاوڕەنگ لە مێژووی شارستانیەتی کۆن دادەنرێت(باقر، 2009، ص243).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە دیارترین تایبەت مەندییەکانی گڵێنەی سەردەمی حەلەف بریتیە لە نەخش وجوانکارییەکان، کە زۆربەی کات بەشی دەرەوەی گڵێنەکەی گرتۆتەوە، بەڵام هەندێك



وێنەی وهێلکاری(7) گڵێنەی سەردەمی حەلەف(توێژەر)

جار لە گڵێنەی وەك قاپەکان هەردوو ڕووی ناوەوە ودەرەوەی بە نەخش ڕازێندراوەتەوە. نەخشە سەرەکیەکانی گڵێنەی حەلەف دوو بەشن: نەخشی ئەندازەیی وە نەخشی سروشتی. نەخشە ئەندازەییەکانیش پێکدێن لە هێڵی ڕاست و یەکتر برو لار وهێلی زکزاك وە هەروەها شێوەی تابلۆی شەترەنج و شێوەی خاچی ماڵتا( Dabbagh, 1966, p26). نەخشە سروشتیەکانیش بریتین لە شێوەی دیاردە سروشتیەکان، وەك شێوەی خۆر وئەستێرە، وە نەخشی مرۆڤ، ونەخشی ئاژەلی کە خۆی لە نەخشەکانی ئاژەلی چوارپێ وخشۆکەکان وباڵندە وئاژەلی ئاوی وەك ماسی دەبینێتەوە، وە هەروەها نەخشی ڕووەکی کە ئەویش پێکدێن لە لق وگەڵا وگوڵ کە بە شێوەی سروشتی یاخود گۆڕان لە شێوە سروشتیکەی خۆی دەردەکەون(داود، 2013، ص58-85).

لە موزەخانەی بەشی شوێنەوار تەنها دوو پارچە لە گڵێنەی سەردەمی حەلەف هەن، کە بە گوێرەی ڕیزبەندی چاخەکان لە سەرەتای دۆڵابەکان نمایشکراوە.

**پارچە گڵێنەی یەکەم:** بریتیە لە پارچەك لە لێوار و بەشێك لە لاشە، تیرەی لێوارەکەی نزیکەی(20سم)کە بە گوێرەی تیرەی لێوارەکەی و نەخشکردنی دیوی ناوەوەی پێدەچێت لە شێوەی مەنجەڵ یان قاپ بێت، چونکە بەشێك لە قاپەکانی سەردەمی حەلەف دیوی ناوەوەش نەخشکراوە، ئەم پارچە گڵێنەیە لە جۆری باوە، وە بە ڕێگای لوولە دروستکراوە، وە جۆری ئەو قوڕەی لێیدروستکراوە مامناوەندە، چونکە ماددەی کانزایی بە ڕێژەی مامناوەند و ماددەی ئەندامی بە ڕێژەی کەم تێدایە، وە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە پلەیەکی گەرمی زۆر لە کورەدا سورکراوەتەوە. هەروەها چارەسەری ڕووی بۆ کراوە بە ڕێگای لووسکردن، لە ڕووی ڕەنگ ونەخشەکەیەوە پارچە گڵێنەکە خۆی ڕەنگی خاکی مەیلەو




وێنەی وهێلکاری(8)گڵێنەی سەردەمی حەلەف (توێژەر)

زەردە و بە ڕەنگی قاوەیی مەیلەو سور نەخشی لە سەر کراوە، بە شێوەیەك لە لێوارەکەی دوو هێلی ڕاستی ئاسۆیی کراوە، وە لە لاشەکەشی بۆ خوارەوە چەند هێلێکی پان لە شێوەی نەخشی تۆڕ ئەنجامدراوە. لە دیوی ناوەوەی پارچە گڵێنەکە بە هەمان ڕەنگی دیوی دەرەوەی سێ هێلی پانتر بە شێوەی ئاسۆیی کەمێك لار لە لێوارەکەی نەخشکراوە. وێنەی وهێلکاری(7).

**پارچە گڵێنەی دووەم:** بریتیە لە پارچەیەك لە لێوار، تیرەکەی نزیکەی(22سم) بە ڕوونی دیار نیە کە شێوەو جۆری گڵێنەکە چۆن بووە، لەوانە شێوەی مەنجەڵ بوو بێت، گڵێنەکە لە جۆری باوە، وە بە ڕێگای لوولە دروستکراوە، جۆری ئەو قوڕەی لێیدروستکراوە مامناوەندە و لە پلەیەکی زۆر لە کورەدا سورکراوەتەوە، لە ڕووی خاوێنی قورەکەیەوە مامناوەندە و بە ڕێژەیەکی کەم ماددەی کانزایی و ئەندامی تێدایە. هەروەها ئەو پارچە گڵێنەیە چارەسەری ڕووەکەی بۆ کراوە بە ڕێگای لووسکردن، لە ڕووی ڕەنگ ونەخشەوە پارچە گڵێنەکە خۆی ڕەنگی سورباوە، لە دیوی دەرەوەی بە جۆرە گوڵێکی شێوە چوار پەلکی نەخشی لەسەر کراوە، بە شێوەکی ئاسۆیی وستونی گوڵەکان ڕێکخراون، وا پێدەچێت شێوەی گوڵەکان لە سەر گڵێنەکە دانراوە ودواتر بە ڕەنگی قاوەیی سورباو ڕەنگکراوە، پاشان شێوە گوڵکە لابراوە و لە ئەنجامدا شێوەی گوڵێکی چوار پەلکی بە ڕەنگی گڵێنەکە خۆی دەردەکەوێت.

بەڵام لە دیوی ناوەوەی هێڵێکی پان بە شێوەی ئاسۆیی لە بەشی سەرەوەی کراوە، لە ژێر ئەو هێلە چەند شێوەی نیوە بازنەیی بۆ خوارەوە نەخشکراوە. وێنەی وهێلکاری(8).

**دووەم:گڵێنەی سەردەمی عوبید(4500_3500 پ.ز)**

عوبید ناوی ئەو گردەیە کە بۆ یەکەمجار گڵێنەی ناسراو بە سەردەمی عوبیدی لێدۆزراوەتەوە، هەر لە بەر ئەوەش بەو ناوە ناونراوە(الدباغ، 1985، ص20) گردی عوبید دەکەوێتە نزیك ئور بە دووری 6کم(باقر، 2009، ص247) لە لایەن شوێنەوارناسی بەریتانی(**H.R.Hall**) دۆزرایەوە، لە ساڵی 1923-1924 هەڵکۆینی تێدا کراوە بە سەرپەرشتی سیر لیونارد وولی گڵێنەی سەردەمی عوبیدی تێدا دۆزراوەتەوە(Finegan, 1946, p19)دواتر لە زۆرێك لە ناوچەکانی باکور وباشوری عێراق وەك لە ئور، ئەریدۆ، حاجی موحەممەد، تەپە گەورە، گردی ئەرپاچیە و گردی حەسونە گڵێنەی عوبید دۆزرانەوە. لە پاشان گڵێنەسازی سەردەمی عوبید لە تەواوی عێراق وناوچەکانی دەوروبەری لە سوریا وتورکیا و ئێران بلاوبوونەوە(الدباغ، 1985، ص20).

گڵێنەکانی سەردەمی عوبید بە دەست یان چەرخی گڵێنەسازی هێواش دروستکراون، بەوە جیادەکرێنەوە کە قوڕەکەیان خەوش وپیسی وەك لم یان کای تێدایە، وە لە جوانترین جۆری گڵێنەی عوبید ئەوەیە کە ڕووی دەرەوەی لوسکراوە، وە هەروەها بە یەك جۆرە ڕەنگی ڕەش یان ڕەشی مەیلەو سەوز یان ڕەشی مەیلەو قاوەیی ڕەنگکراون، وە سەبارەت بە نەخشی سەر گڵێنەکانی عوبید پێکهاتوون لە سێگۆشەی هەڵگەڕاوە لە ناویدا هێلی یەکتربڕ نزیك لە یەکتر بە شێوەی لار لە خۆدەگرێت، وە لە لێواری گڵێنەکاندا نەخشی شێوەی پشتێنەی پان کراوە، وە هەندێجار لە ناو پشتێنەکە نەخشی تێدا کراوە. وە شێوەی هەندێك لە گڵێنەکانی بریتین لە پەرداخی شێوە بازنەیی خڕ وە پەرداخی بنکە خڕ ولێوار ئەستور وە گۆزەی شێوە هەڵتۆقیوو(کسار، 1985، ص13).لە موزەخانەی بەشی شوێنەوار تەنها دوو پارچە لە گڵێنەی سەردەمی عوبید هەن، کە بە گوێرەی ڕیزبەندی چاخەکان نمایشکراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پارچە گڵێنەی یەکەم:** بریتیە لە پارچەك گڵێنە، کە بەشێکی کەم لە مل وئەوەی تر لاشەیە، ڕەنگی قوڕەکەی سوری کاڵی مەیلەو پرتەقاڵیە، جۆری قوڕەکەی هەمان شێوەی گڵێنەکانی سەرەتای سەردەمی عوبێدی هەیە، کە لە ڕووەکەی دیارە ڕێژەیەکی ماماوەند لە خەوش وپیسی تێدایە، کە بەشێکی زۆری بریتیە لە کا. بە ڕێگای چەرخی گڵێنەسازی دروستکراوە، وە لە پلەیەکی گەرمی زۆر لە کورەدا سورکراوەتەوە، ڕووی ئەو پارچە گڵێنەیە لووسکراوە بۆ ئەوەی چارەسەری دڕی بکات ودیمەنی جوانتر نیشان بدات. سەبارەت بە ڕەنگ ونەخشەکانی، لە ڕووی دەرەوەی بە ڕەنگی ڕەشی مەیلەو قاوەیی تۆخ نەخشی لەسەر کراوە، نەخشەکەی پێکهاتووە لە دوو هێلی پان لە ملی گڵێنەکە، وە دوو هێلی پانی تر لە لاشەکەی، کە نێوان هەریەك لە دوو هێلەکان کەمە، بەڵام بە پێچەوانە نێوانی هێلەکانی مل ولاشە زۆرە وای کردووە بە نەخشی شێوە سێگۆشە پڕ بکرێتەوە، کە بە شێوەیەك بنکەکەی دەکەوێتە سەر هێلی لاشەکەی، وە گۆشە تیژەکەی سەرەوەشی بە ژێر هێلی ملەکەی دەکەوێت، بە هۆی شکاوی گڵێنەکە کە تەنها یەك پارچەی ماوە پێدەچێت نەخشی شێوە سێگۆشەکە لە تەواوی لاشەکەی دووبارە کرابێتەوە. وە هەروەها لە خوارەوەی دوو هێلی لاشەکەی چەند هێلێکی یەکتربڕ بە شێوەی لار دەردەکەون ئەوەش لەوانە تەواوی لاشەکەی لە خۆبگرێت. وێنەی(9).






وێنەی وهێلکاری(9) (توێژەر)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پارچە گڵێنەی دووەم:** بریتیە لە پارچەیەکی بچوك لە لاشە، زۆر لە پارچەی گڵێنەی یەکەم دەچێت، بەڵام ئەوەیان ڕەنگی قوڕەکەی زەردێکی کاڵە، وە بە ڕێژەیەکی زۆرتر ماددەی ئەندامی تێدایە کە بریتیە لە کا، ئەم پارچە گڵێنەیە لە جۆری باوە، وە جۆری قوڕەکەی مامناوەندە و لە پلەیەکی گەرمی زۆر لە کورەدا سورکراوەتەوە، وە بە ڕێگای چەخی گڵێنەسازی هێواش دروستکراوە. سەبارەت بە ڕەنگ ونەخشی سەر گڵێنەکە، لە ڕووی دەرەوەی بە ڕەنگی ڕەش یان قاوەیی تۆخ نەخشی لەسەر کراوە، ئەو نەخشەی لەو پارچە دەردەکەوێت پێکهاتووە لە سێ هێلی پان لە بەشی سەرەوە هێلێکی پان لە بەشی خوارەوە، لە نێوانیاندا دوو ڕیز سێگۆشە هەیە، یەکێکیان بە شێوەی ڕاست و ئەویتریان بە شێوەی هەڵگەڕاوە، بە جۆرێك لە ڕێگەی بنکەکانیان بە یەکتریەوە نووساون. وێنەی(10).



وێنەی وهێلکاری(10)گڵێنەی سەردەمی عوبید (توێژەر)

**سێیەم: گڵێنەی سەردەمی وەرکا (3500-3100 پ.ز)**

ناوی وەرکا بۆ شاری وەرکا دەگەڕێتەوە، کە دەکەوێتە باشوری سەماوە بە دووری 30کم، کە لە بنچینەدا پێکهاتووە لە گردەکانی شاری مێژوویی(ئوروك)، کە مێژووی دامەزراندنەکەی بۆ سەرەتای نیشتەجێبوون لە باشوری عێراق لە هەزارەی پێنجەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، ولیم لوفتس لە ساڵی 1849 بۆ یەکەم جار هەڵکۆلینی تێدا ئەنجامداوە، وە دوای ماوەیەکی زۆر و لەلایەن جوردان لە دەزگای توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانی لە ساڵی 1912-1913 بەردەوامی بە هەڵکۆلین داوە، پاشان بە هۆی جەنگی یەکەمی جیهانی کارەکان وەستاوە و دواتر لە ساڵی 1928 بەردەوام بووە تاکو ساڵی 1939 بە سەرپەرشتی ئارنۆلد نولدکە(بصمەچی، 1955، ص47).

لە ئەنجامی ئەم هەڵکۆلینانە گڵێنەی سەردەمی وەرکا دۆزرانەوە، دواتر گڵێنەی وەرکا بە هەموو ناوچەکانی عێراق، وە هەروەها ناوچەکانی دەوروبەریشی وەك سوریا وئەنادۆل بڵاوبۆتەوە(الدباغ،

1985، ص22). بەشێك لەو ناوچانەی كە گڵێنەی سەردەمی وەركای تێدا دۆزراوەتەوە بریتین لە دیالە وحمرین وگردەكانی شارەزوور وە هەروەها گردەكانی دەوروبەری بەنداوی دوكان ونەینەوا وە هەندێك لە چینەكانی گردی قالینج ئاغا لە هەولێر(یاسین، 2008، ص93).

گڵێنەی سەردەمی وەركا لە ڕووی شێوە ورەنگی قوڕەكەی دەكرێن بە سێ قۆناغ: قۆناغی كۆن، قۆناغی ناوەڕاست، وە قۆناغی كۆتایی(باقر، 2009، ص261) . گڵێنەكانی سەردەمی وەركا لە قۆناغی سەرەتایی كۆن بە دەست دروستكراون وە لێواری پەرداخەكان بە شێوەی لار یان خوارن، وە بەوە جیادەكرێنەوە زۆرێكیان قوڕەكەی ڕەنگی سور وخۆڵەمێشین(Abu Al Soof, 1973, p17 ).گڵێنە ڕەنگ خۆڵەمێشیەكانی سەردەمی وەركا هیچ جۆرە نەخش وبۆییەكی لەسەر جێبەجێ نەكراوە، وە زۆربەشیان لە شێوەی جامی شێوە قوچاڵ و قاپی شێوە خڕ و مەسینەی لێوار تەنك دەردەكەون، جگە لە قاپ وگۆزەی قەبارە گەورە(الدباغ وجادر، 1983، ص160).

هەروەها هەندێك لەو شێوانەی گڵێنە هەن كە بریتین لە مەسینەی لوولەداری لار، وە گۆزەی لوولەداری درێژ، وە شێوە دەفری ڕەنگ سوری دەسكدار یان چوار دەسكی، بۆ گڵێنەی سەردەمی وەركا لە قۆناغی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە(باقر، 2009، ص261). بەڵام لە قۆناغی سەردەمی وەركای كۆتایی جۆرە گڵینەی ڕەنگ خۆڵەمێشی وون دەبێت جگە لە ڕێژەیەكی كەم نەبێت، وە جۆرە گڵێنەیەكی تر بە دیاردەكەوێت كە سواخدراوە بە ڕەنگێكی سور كە ناسراوە بە(**plum red slip**)وە هەروەها دەركەوتنی گۆزەی نەخشدار بە نەخشی شێوە سێگۆشەیی چوار دەسكی(هەمان سەرچاوە، 263).

هەندێكی تر لە گڵێنەی ئەو سەردەمە كە بۆ مەبەستی ڕێو ورەسمی ئایینی بە كاردەهاتن پێكهاتبوون لە قاپ ودەفری قەبارە گەورە وبچوك لە جۆری زبر. هەروەها بەشێكی تر لە گڵێنەكان بریتیبوون لە گۆزەی مل كورت و لێوار خوار یان لار بۆ دەرەوە، یاخود گۆزەی دەم فراوان، وە هەروەها جام و دەفری قەبارە گەورە وبچوك كە لێوار ودەمەكەی بۆ دەرەوە خوار بۆتەوە(الدباغ، 1985، ص22). هەرچەندە لە سەردەمی ئوروكدا چەرخی گڵێنەسازی بوو بە یەكێك لە داهێنانە گرنگەكانی ئەو سەردەمە ، بەڵام پێناچێت پیشەسازی گڵێنە لەم قۆناغەدا زۆر بەرچاو بێت، ئەمەش بەهۆی گرنگیدانی دانیشتووان بۆ لایەنەكانی تری شارستانیەت، وەک بیناسازی، بۆ نموونە، پاشان هونەرمەندان ڕوویان كردە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پراکتیزەکردنی ڕەنگکردن لە تەلارسازیدا، بەتایبەتی لەسەر دیواری پەرستگاکان(الدباغ وجادر، 1983، ص160).

موزەخانەی بەشی شوێنەوار پێنج پارچە لە گڵینەی سەردەمی وەرکا لە خۆدەگرێت کە هەموویان لە شێوە و قەبارە وجۆری قوڕەکەیان تا ڕادەیەکی زۆر لە یەکتر دەچن ئاماژە بە چواریان دەکەین بەم شێوەی خوارەوە:

**گڵینەی یەکەم:** بریتیە لە دەفرێکی قەبارە مام ناوەندی تەواو، لێوارەکانی بە شێوەی بازنەییە و بۆ دەرەوە لار بوونەتەوە، و لاشەیەکی کراوەی بۆ دەرەوە هەیە، وە دەمەکەشی فراوانە، و بنکەکەی ڕاستە، دیواری تەواوی دەفرەکە ئەستورە هەندێك شوێنی خوارو خێچی پێوە دیارە، وا پێدەچێت بە دەست دروستکرا بێت نەوەك بە چەرخی گڵێنەسازی، قوڕەکەی لە جۆری درە و ڕووی ناوەوە ودەرەوەی دەفرەکە چارەسەری بۆ نەکراوە و هیچ جۆرە نەخشێکی لەسەر ئەنجام نەدراوە، هەروەها ئاستی سورکردنەوەکەشی لە کورەدا بە ڕێژەیەکی مامناوەند بۆ ئەنجامدراوە. ئەو قوڕەی کە دەفرەکەی لێدرستکراوە ڕەنگی سوری کاڵە و لە جۆرە قوڕێکی پیسە بە هۆی بوونی ماددەی ئەندامی بە ڕێژەیەکی زۆر وبوونی ماددەی کانزایی بە ڕێژەیەکی مامناوەند. ئەم جۆرە دەفرانە و بە شێوەی قەبارە بچوکتر یان





وێنەی وهێلکاری(11)گڵینەی سەردەمی وەرکا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەورەتر لە سەردەمی وەرکای سەرەتایی کۆن دەرکەتوون، بە زۆری بۆ چێشت گواستنەوە و تێدا خواردن بەکارهاتوون. وێنەی وهێلکاری(11).

**گڵێنەی دووەم:** بریتیە لە دەفرێکی قەبارە مامناوەند، بەشێکی کەمی بە ڕێژەی(3)سم لە لێوارەکەی شکاوە ونەماوە، لێوارەکانی بە شێوەیەکی بازانەیی کراوە بۆدەرەوە لار بۆتەوە، و لاشەیەکی کراوەی بۆ دەرەوە هەیە، وە دەمەکەشی لە چاو لاشەکەی زۆر فراوانە، و بنکەکەی بە شێوەی ڕاستە، دیواری دەفرەکە ئەستورە وهەندێك شوێنی لاشەکەی خوار وخێچی زۆری پێوە دیارە، پێدەچێت بە دەست دروستکرا بێت، جگە لە چەرخی گڵێنەسازی، ڕووی ناوەوە ودەرەوەی دەفرەکە چارەسەری بۆ نەکراوە، لە دیوی ناوەوەی هەندێك درزی تێدایە، و هیچ جۆرە نەخشێکی لەسەر ئەنجام نەدراوە.

قوڕەکەی لە جۆری درە، و هەروەها ئاستی سورکردنەوەکەشی لە کورەدا بە ڕێژەیەکی مامناوەندە. ڕەنگی ئەو قوڕەی کە دەفرەکەی لێدرستکراوە سوری کاڵە، و لە جۆرە قورێکی پیسە بە هۆی بوونی ماددەی ئەندامی بە ڕێژەیەکی زۆر وبوونی ماددەی کانزایی بە ڕێژەیەکی مامناوەند. ئەم جۆرە دەفرانە و بە شێوەی قەبارە بچوکتر یان




وێنەی وهێلکاری(12)گڵێنەی سەردەمی وەرکا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



گەورەتر لە سەردەمی وەرکای سەرەتایی کۆن دەرکەتوون، بە زۆری بۆ چێشت گواستنەوە و تێدا خواردن بەکارهاتوون.وێنەی وهێلکاری(12).

**گڵێنەی سێیەم:** بریتیە لە دەفرێکی قەبارە مامناوەند، لێوارەکانی لە چەند شوێن بە ڕێژەیەکی کەم شکاون، لێوارەکانی بە شێوەیەکی بازانەیی کراوە بۆدەرەوە لار بۆتەوە، و لاشەیەکی کراوەی بۆ دەرەوە هەیە، وە دەمەکەشی فراوانە، و بنکەکەی بە شێوەی ڕاستە، دیواری دەفرەکە ئەستورە وهەندێك شوێنی لاشەکەی کەمتر لەوانەی تر خوار وخێچی پێوە دیارە، پێدەچێت بە دەست دروستکرا بێت، جگە لە چەرخی گڵێنەسازی، ڕووی ناوەوە و دەرەوەی دەفرەکە چارەسەری بۆ نەکراوە، لە دیوی ناوەوەی درزی گەورەی تێدایە، و هیچ جۆرە نەخشێکی لەسەر ئەنجام نەدراوە. قورەکەی لە جۆری دڕە، و هەروەها ئاستی سورکردنەوەکەشی لە کورەدا بە ڕێژەیەکی مامناوەندە. ڕەنگی ئەو قوڕەی کە دەفرەکەی لێدرستکراوە سوری کاڵە، و لە جۆرە قورێکی تا ڕادەیەك پیسە بە هۆی بوونی ماددەی ئەندامی وکانزایی بە ڕێژەیەکی مام ناوەند . ئەم جۆرە دەفرانە و بە شێوەی قەبارە بچوکتر یان گەورەتر لە سەردەمی وەرکای سەرەتایی کۆن دەرکەتوون، بە زۆری بۆ چێشت گواستنەوە و تێدا خواردن بە کارهاتوون. وێنەی وهێلکاری(13).




وێنەی وهێلکاری(13)گڵێنەی سەردەمی وەرکا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی وهێلکاری(14)گڵینەی سەردەمی وەرکا

**گڵینەی چوارەم:** بریتیە لە دەفرێکی قەبارە مام ناوەندی تەواو، لێوارەکانی بە شێوەی بازنەییە و بۆ دەرەوە لار بوونەتەوە، و لاشەیەکی کراوەی بۆ دەرەوە هەیە، وە دەمەکەشی فراوانە، و بنکەکەی ڕاستە، دیواری تەواوی دەفرەکە ئەستورە هەندێك شوێنی خوارو خێچی پێوە دیارە، وا پێدەچێت بە دەست دروستکرا بێت نەوەك بە چەرخی گڵینەسازی، قوڕەکەی لە جۆری درە و ڕووی ناوەوە ودەرەوەی دەفرەکە چارەسەری بۆ نەکراوە و هیچ جۆرە نەخشێکی لەسەر ئەنجام نەدراوە، هەروەها ئاستی سورکردنەوەکەشی لە کورەدا بە ڕێژەیەکی مامناوەندە. ئەو قوڕەی کە دەفرەکەی لێدرستکراوە ڕەنگی سوری مەیلەو پرتقالیە و لە جۆرە قورێکی پیسە بە هۆی بوونی ماددەی ئەندامی وکانزایی بە ڕێژەیەکی زۆر، بوونی بەردێکی گەورەی قەبارە(1)سم لە ناوەڕاستی دەفرەکە و هەروەها بوونی ووردە بەردی بچوکی ڕەنگ سپی لە تەواوی ئەو قوڕەی کە گڵینەکەی پێدروستکراوە. ئەم جۆرە دەفرانە و بە شێوەی قەبارە بچوکتر یان گەورەتر لە سەردەمی وەرکای سەرەتایی کۆن دەرکەتوون، بە زۆری بۆ چێشت گواستنەوە و تێدا خواردن بەکارهاتوون. وێنەی وهێلکاری(14).

**چوارەم: گڵینەی سەردەمی جەمدەت نەصر(3100-2600 پ.ز)**

ناوی جەمدەت نەصر لە گردی(نصر) هاتووە، بریتیە لە گردێکی بچوك، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری کیش بە دووری(42)کم بۆ یەکەمجار لەلایەن ستیڤن لانگدون نێردەی ئەمەریکایی لە ساڵی 1928

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڵکۆڵینی تێدا ئەنجامدراوە(باقر، 2009، ص270)(بصمەچی، 1973، ص20). گڵێنەکانی ئەو سەردەمە بۆ یەکەمجار لە چینی(16) لە شاری نیپور، وە لە وەرکا و لە گردی نەصر دۆزرانەوە، کە بە باشی دروستکراون، و لە ڕواڵەتدا تەنك و جوانن، بە چەخی گڵێنەسازی دروستکراوە و ڕووەکەی لووسکراوە، وە هەروەها بە چەند ڕەنگێك نەخشکراوە، جۆر و شێوەکانیشیان پێکهاتوون لە گۆزەی قەبارە گەورە و دەفر و پەرداخ وە قاپی شێوە قووڵ، وە بەشێك لە گڵێنەکانی ئەو سەردەمە چوار دەسکیان هەیە(الدباغ، 1985، ص22).

بەڵام زۆربەی گڵێنەکانی سەردەمی جەمدەت نەصر شێوەکەیان خرە، وبنکەکەیان بە شێوەی تەخت یان کەوانەییە، وە لە هەندێکیان سەرقاپیان هەیە بۆ داخستنی دەمەکەی. سەبارەت بە نەخشی و ڕەنگەکانی گڵێنەی سەردەمی جەمدەت نەصر، بە زۆری بەشی سەرەوەی گڵێنەکە تا ملەکەشی نەخشی شێوە ئەندازەیی بە ڕەنگی ڕەش یان سور لەسەر زەویەکی ڕەنگ زەردی کاڵ ئەنجامدراوە، وە شێوە ئەندازییەکانیش پێکهاتوون لە شێوەی سێگۆشە، چوارگۆشە، هێلی پان، هێلی یەکتربڕ، وە هێلی ڕاست و شەپۆلدار، وە هەروەها هەندێکیان نەخشی شێوەی ئەندازیی و سروشتی زیندوو بەیەکەوە لە یەك گڵێنە کۆراوەتەوە. گڵێنەی سەردەمی جەمدەت نەصر لە باشوری عێراق بەرهەم هاتووە، کە بڵاوبۆتەوە لە ناوچەکانی ئور، وەرکا، کیش، نوفەر وە گردی عوقیر، جگە لە هەندێك ناوچەی سنوری ڕۆژهەڵات وەك خەفاجی، گردی ئەسمەر وە حەمرین، کە لە لایەن توێژەران بە گڵێنەی سور ناسراوە، وە هەروەها گڵێنەی ئەو سەردەمە گەیشتۆتە ناوچەی کرکوك و موصل(یاسین، 2008، ص95).

## گڵێنەی سەردەمی جەمدەت نەصر لە موزەخانەی بەشی شوێنەوار:

بریتیە لە گۆزەیەکی قەبارە بچوکی تەواو، تەنها بە شێك لە لێواری شکاوە، بە ڕێگای چەخی گڵێنەسازی لە جۆرە قوڕێکی خاوێن دروستکراوە، ئاستی سورکردنەوەکەشی لە کورە لە بارێکی کراوەدا زۆرە، ڕەنگی قوڕەکەی زەردی کراوە یان کاڵە، ماددەی کانزایی وئەندامی لە ناو قوڕەکەی بە ڕێژەیەکی زۆر کەمە هەیە، شێوەکەی پێکهاتووە لە لاشەیەکی شێوە کارێنی واتە خڕی مەیلەو تیژ، کە چوار کونی لە بەشی سەرەوەی هەیە وەکو دەسك بۆ هەڵگرتن و هەڵواسین بە کارهاتووە، بە هەمان شێوە بنکەیەکی شێوە خڕ، بەڵام ملێکی شێوە قوچاڵی بۆ دەرەوە هەیە، وە لێوارێکی تەنك وخڕی بۆ دەرەوە هەیە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕووی دەرەوەی چارەسەر کراوە بە شێوەی سلیب(**slip**) کردن بەڵام هیچ جۆرە نەخشێکی لەسەر ئەنجام نەدراوە.وێنەی وهێلکاری(15).



وێنەی(15)گڵێنەی سەردەمی جەمدەت نەصر

## ئەنجامی توێژینەوە

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گرنگترین ئەنجامەکانی لەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

١-بابەتی گڵێنە و گڵکاری گرنگییەکی گەورەی بەخشیوە بە بواری شوێنەوارناسی، چونکە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە تەکنیک و شێوە و شێواز و پێکهاتەی گڵێنە لە خۆڵ و شێوازی سوتاندن و ڕازاندنەوە و ڕەنگ و بەکارهێنانی ئامرازە گڵێنەییەکان، بەڵگە و نیشانەی مێژوویین و زانیاری دەخاتەر و دەربارەی قۆناغە مێژوویەکان بە تایبەتی قۆناغەکانی پێش مێژوو، واتە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی شوێنەواریی لە گڵێنە بووەتە جێگرەوە بۆ کەمی نووسین لە دەستەبەر کردنی زانیاری.

٢-لەم توێژینەوەیە باس لە چوار سەردەمی جیاوازی چاخەکانی پێش مێژوو کراوە، کە بریتیە لە سەردەمەکانی(حەلەف، عوبید، وەرکا، جەمدەت نەصر)، سەرنجام لە کۆی ئەو سەردەمانە، شیکردنەوە بۆ نۆ(9) پارچە گڵێنە کراوە.

٣- لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە سوود لە تەکنەلۆجیای سەردەم وەربگیرێت، بۆ وێنەکێشانی پارچە گڵێنەکان بە شێوەی هێلکاری، بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەی جۆر وشێوازی گڵێنەکان و هەروەها بە دیار

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خستنی ئەو نەخشانەی کە لەسەر ڕووی گڵێنەکان ئەنجامدراون. بۆ ئەم مەبەستەش سوود وەرگیراوە لە پرۆگرامی(Adobe illustrator).

٤- موزەخانەی بەشی شوێنەوار لە ڕووی ڕێژەی بوونی پارچە شوێنەوارەکان هەژارە لە چاو موزەخانەکانی تر، ئەمەش بەهۆی کەمی تەمەنی و بچووکی شوێنەکەیە، بەڵام لە ڕووی جۆری سەردەمە جیاوازەکانی مێژووی گڵێنەسازی تا ڕادەیەك جێگای بایەخە، چونکە بە شێوەیەکی گشتی دوازدە(12) سەردەمی جیاواز لە مێژووی گڵێنەسازی لەخۆدەگرێت.

٥- پارچە گڵێنەکانی نمایشکراو لە موزەخانەی بەشی شوێنەوار بە شێوەیەکی لە کوردستان دۆزراونەتەوە، دواتر لە لایەن کەسانی ڕۆشنبیر هاوڵاتیان پێشکەش بە موزەخانەکە کراوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات بیرۆکەی داهێنانی گڵکاری لە کوردستان لە سنووری کات و شوێنیدا یەکێکە لە گرنگترین بیرۆکەکان، کە لە ئەنجامی کارلێکێکی زیندووی نێوان توخمەکانی پێکهاتەکەی ژینگەی سروشتی وگەشەی  شارستانی هاتووەتەکایەوە.

## سەرچاوەکان:

### لیستی سەرچاوە کوردییەکان:

ابراهیم، نعمان جمعە؛ عثمان، عبدالله بکر، (2022)، گڵێنەی کۆن لە میزۆپۆتامیا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبجانە گشتییەکان، هەولێر.

باپیر، عەلی، (2023)، تەفسیری قورئانی بەرز وبەپێز، بەرگی بیست وهەشت، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان – هەرێمی کوردستان.

عثمان، عبدالله بکر، (2021)، سەرەتای دەرکەوتنی کورەی گڵێنەسازی لە باکوری میزۆپۆتامیا لە چاخەکانی پێش مێژوودا تا سەردەمی ئاشوری نوێ، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەرگی(25)، ژمارە(3)، هەولێر.

مارف، دڵشاد عزیز، (2019)،کرۆنۆلۆجیای مێژوو وشارستانییەتە کۆنەکانی ناوچەی کۆیە لە ژێر ڕۆشنایی نووسینە مێخییەکان وبەڵگە شوێنەوارییەکاندا، کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کۆیە لە ڕەوتی شارستانییەتدا، کۆیە.

موکریانی،گیوی، (1999)،فەرهەنگی کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## لیستی سەرچاوە عەرەبیەکان:

### القران الكريم

ابراهيم، نعمان جمعه، (2018)، المدلولات الرمزية للعناصر الزخرفية على فخاريات عصر حلف(٤٥٠٠ق.م) في بلاد الرافدين، مجلة الاداب، بغداد، العدد(125).
ابو الصوف، بهنام، (1965)، ملاحضات حول نشأة دولاب الفخاري وتطوره في العراق، مجلة سومر، مج21، ج1+2.
احمد، سهيلة مجيد، (2000)، الحرف والصناعات اليدوية في بابل واشور، (اطروحة دكتوراه غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة الموصل.
اسماعيل، عثمان عثمان، (1994)، معجم الفاظ القران الكريم في علوم الحضارة – الاثار والعمارة والفنون، الطبعة الاولى.
باقر، طه، (2009)، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، الطبعة الاولى، الفرات للنشر والتوزيع، بيروت.
بريدوود، روبرت، (1950)، التنقيبات الاثرية في المنطقة الكردية، ١٩٥٠ ـ ١٩٥١، سومر، م ٧ ج٢، بغداد.
بصمەچي، فرج، (1955)، الوركاء، مجلة سومر، مج11، ج1.
بصمەچي، فرج، (1948)، بحث في الفخار صناعته وانواعه في العراق القديم، مجلة سومر، مج4، ج1.
بنات، خالد محمود، (1980)، أسس المعادن الطينية، مطبعة جامعة بغداد، بغداد.
حجارة، اسماعيل، (1973)، التنقيب في قالينج اغا (اربيل) الموسم الرابع ١٩٧٠، مجلة سومر، مدرية الاثار العامة العراقيه، بغداد، مجلة سومر، مج29، ج1+2.
خوليديس، نادية؛ مارتين، لوتس، (2006)، تل حلف والمنقب الاثري اوبنهايم، ترجمة فاروق اسماعيل، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر، دمشق.
داود، شيرين محمد، (2013)، العناصر الزخرفية على فخاريات عصر حلف في بلاد الرافدين دراسة تحليله، (ماجستير)، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين.
الدباغ، تقي وآخرون، (1983)، طرق التنقيبات الاثرية، مطبعة جامعة بغداد، بغداد.
الدباغ، تقي، (1964)، الفخار القديم، مجلة سومر، دائرة الاثار القديمة العامة، الجزء الاول والثاني، العدد(20).
الدباغ، تقي، (1985)، الفخار في عصور ما قبل التاريخ، حضارة العراق، الجزء الثالث، بغداد.
الدباغ، تقي؛ جادر، وليد، (1983)،عصور ماقبل التاريخ، مطبعة جامعة بغداد، بغداد.
الدباغ، تقي؛ رشيد، فوزي، (1979)، علم المتاحف، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، مطبعة جامعة بغداد، بغداد.
الراغب الاصفهاني، حسين بن محمد بن المفضل، (بدون تاريخ النشر)، مفردات الفاظ القران.
رشيد، عادل فائق، (2003)، الفترات الانتقاليه في قرى ومواقع عصور ما قبل التاريخ، (أطروحة دكتوراه غير منشورة ، كلية الاداب، جامعة بغداد.
رو، جورج، (1986)، العراق القديم، ترجمه حسين علوان حسين، مراجعه فاضل عبدالواحد على، دار الشؤن الثقافة العامة، بغداد.
زهدي، بشير، (1988)، المتاحف، الطبعة الاولى، وزارة الثقافة السورية، دمشق.
عبد الكافي، زيدان، (2004)، المدخل الى علم الاثار، أربد – الأردن.
عطية، عبدالرحيم حنون، (2017)، المواقد والافران في العراق القديم ما بين التقنية والاستعمال، مجلة كلية التربية، العدد(28)، جامعة واسط.
عمر، احمد مختار، (2008)، معجم اللغة العربية المعاصرة، الطبعة الاولى ، القاهرة.
القيسي، ناهض عبدالرزاق، (2021)، الفخار والخزف دراسة تاريخية اثارية، الطبعة الاولى، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان.
كسار، اكرم محمد عبد، (1985-1986)، فخار عصر العبيد في العراق القديم، مجلة سومر، مج44، ج1+2.

لابات، رينيه، (2004)، قاموس العلامات المسماريه، ترجمة الاب البير ابونا و وليد الجادر، الطبعة الخامسة، مطبعة المجمع العلمي، بغداد.
ياسين، غسان طه، (2008)، صناعة الفخار العراقى من اقدم العصور حتى نهاية التاريخ القديم، مجلة اداب الرافدين، العدد(49)، بغداد.

## لیستی سەرچاوە فارسیەکان:

دوله، آندره؛ مرس، فرانسوا، (1392)، مفاهيم كليدى موزەشناسى، ترجمه كورس سامانيان وديگران، تهران.
شرفكندى، عبدالرحمن (هەژار)، (1369)، فرهنگ كردى. فارسى(هەمبانە بۆرینە)، ويراستارى محمد ماجد مردوخ روحانى، چاپ اول، سروش، تهران.
فاگان، برايان، (1390)، سراغاز در امدى بر باستانشناسى (اصول، مبانى روشها)، جلد دوم، ترجمه غلامعلى شاملو، چاپى پنجم، انتشارات اوقاف، تهران.
كيانى، محمد يوسف، (1380)، پيشنه سفال وسفالگرى در ايران، چاپى دوم، انتشارات نسيم دانش، تهران.
مافت، جاناتان، (1371)، موزه در قلمرو باستان شناسى و نقش تكنولوژى اطلاعاتى، ترجمه كاميار عبدى، مجله موزەها، تهران، شماره(١٢)، زمستان.

## لیستی سەرچاوە بیانیەکان:

Abu Al Soof, Behnam, (1973), Uruk Pottery from Eridu, Ur and Al Obaid, Sumar, No 1,2, Vol XXIX, Baghdad.
Bahattin, I, (2019), Figural Motifs on Halaf Pottery, An Iconographical study of late Neolithic Society in Northern Mesopotamia, Ankara.
Braid Wood, R, and Howe, B, (1960), Prehistoric Investigations in Iraqi Kurdistan
Dabbagh, T, (1966), Halaf Pottery, Sumer, Nos (1,2), Vol (XXII),1966, Baghdad.
Fankhanel, T, (2024), Architecture on Display *L' architecture expose,* open Edition, Journals, this text was automatically generated on July 28.
Finegan, J, (1946), Light from The Ancient Past the Archaeological Background of the Hedbrew Christian Religion, Priencetion University Press, London.
Linda, S; Braid wood, R, (1983), Prehistoric Archeology Along the Zagros Flanks, Chicago.
Mahmud. A; Mallowan. M, (1949), Soundings in the Makhmur Plain, Sumar, Vol.V, Baghdad.
Mellaart, J, (1965), Earliest Civilizations of the Near East, Publisher Thames and Hudson, London.
Othman, A. B, (2018), The Middle-and Neo-Assyrian pottery in Iraqi Kurdistan (1200-600 B.C), doctoral dissertation, Eötvös Loránd University Institute of Archaeological Sciences.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Quinn, T, (2020), About museum, culture, and justice to explore in your classroom, New York.
Rye, O. S, (1981), Pottery Technology Principles and Reconstruction, Washington.
Woolley, L, (2006), Excavations at Ur: a Record of Twelve Years' Work, Kegan Paul, United States.

پێگەی ئەلیکترۆنی:

https://www.gathered.how/arts-crafts/pinch-pottery
https://england.prm.ox.ac.uk/englishness-Pottery-techniques.

---

# Prehistoric Pottery in the Museum of the Department of Archaeology at Salahaddin University

**(Analytical Study)**

**Prof. Noman Jumaah Ibrahim**
Department of Archaeology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: noman.ibrahim@su.edu.krd

**Zozan Abdulsalam Omar**
Department of Archaeology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: zozan.omar@su.edu.krdail

## Abstract:

This research examines a number of pottery items preserved in the Museum of the Department of Archaeology at the Faculty of Arts, dating back to various periods in prehistory. This study attempts to classify and identify several samples from a different piece of pottery that has not yet been Published.The research examines the history of the ancient pottery industry and its technical development, focusing on its forms and methods of use, along with all the tools and materials used by ancient humans in pottery making.

Among the topics of this research is the investigation and analysis of clay, based on the principles followed in academic and archaeological research, by drawing clay pieces. This study was able to identify the type of clay and provide information about human living conditions in prehistoric times.

***Keywords****:* Museum, Pottery, pottery making, Prehistoric Period

# فخار عصور ما قبل التاريخ في متحف قسم الآثار في جامعة صلاح الدين
## (دراسة تحليلية)

**ملخص**:

يتناول هذا البحث دراسة عدد من الفخاريات المحفوظة في متحف قسم الآثار بكلية الآداب-جامعة صلاح الدين-أربيل، والتي تعود إلى فترات مختلفة، من عصور ما قبل التاريخ. وفي هذه الدراسة تم محاولة تصنيف وتحديد عدة عينات من قطعة فخارية مختلفة لم تنشر بعد.

كما يستعرض البحث تاريخ نشأة صناعة الفخار القديم، وتطوره التقني مع التركيز على أشكاله وطرق استخدامه مع كافة الأدوات والمواد التي استخدمها الإنسان القديم في صناعة الفخار.

،وقد شمل البحث أيضاً تحليل مكونات الطين وفقًا للمبادئ الأكاديمية المتبعة في الدراسات الأثرية وذلك من خلال رسم القطع، مما أسهم في تحديد نوعه وتوفير معلومات مهمة عن ظروف حياة الإنسان في تلك العصور.

**كلمات مفتاحية**: متحف قسم الاثار، فخار، صناعة فخار، عصور ما قبل التاريخ